# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٨٨٣ | چوارشەممە، ٣٠ی خەزەڵوەری ١٤٠٣ _ ٢٠ی نۆڤامبری ٢٠٢٤

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

## شەپۆلی نوێی سەپاندنی سزای ئێعدام بەسەر چالاکانی سیاسیدا



تەنیا لە ماوەی یەک حەوتووی ڕابردوودا لانیکەم ٨ زیندانیی سیاسی سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە، هەروەها حوکمی ئێعدامی چوار زیندانیی سیاسیی بەلووچ بۆ جێبەجێکردنی نێردراوەتە بەشی پێوەندیدار.

ڕێکخراوەکان و چالاکانی مافی مرۆڤ دەڵێن تێچووی سیاسیی زۆر کەمی ئێعدامکردنەکان بۆ کۆماری ئیسلامی هۆکاری سەرەکیی هەڵکشانی لەسێدارەدان لە ئێرانە و کۆماری ئیسلامی هەرکات کەوتووەتە تەنگانەوە بۆ چاوترسێنکردنی خەڵک و چالاکانی سیاسی لەپێناو مانەوەی زیاتری خۆی لە دەسەڵاتدا پەرەی بە توندوتیژیی زیاتر و ئێعدامەکان داوە.

کۆماری ئیسلامی لە ماوەی مانگی ڕابردووی زایینی (ئۆکتۆبر)دا لانیکەم ١٦١ بەندکراوی لە بەندیخانەکاندا لەدار دا کە دوو هێندەی مانگی پێشووتر (سێپتامبر) بوو، و ژمارەی ئێعدامەکان لەم مانگەشدا لەچاو مانگی ڕابردوو دووقات زیادی کردووە.

## چارەنووسی کۆماری ئیسلامی لە چەندڕێیانی چارەنووسسازدا:

# هەر هەڵبژاردنێکی بەردەم ڕێژیم ئاکامەکەی دۆڕان و هەرەسهێنانە



## مستەفا هیجری:

## تەنیا بە دیاریکردنی کوردێک بە جێگری سەرکۆمار ویفاقی میللی پێکنایە



مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتووێژێکدا لەگەڵ "کوردستان" ڕایگەیاند "سەرەڕای توندوتیژتربوونی ڕێژیم بەدژی خەڵک و پەرەگرتنی ئێعدامەکان بۆ چاوترسێن کردنی خەڵک، نارەزایەتییەکان دژ بە دەسەڵات هەروا بەردەوامە. خەڵک وازی لە ماف و داخوازییەکانی خۆی نەهێناوە و لەگەڵ ئەوەیکە خوازیاری شەڕ نین، بەڵام لە لاواز دەرکەوتنی ڕێژیم و تێکشکاندنی هێزە نیابەتییەکان خۆشحاڵن."

بەڕێزیان لە هەڵسەنگاندنی کارنامەی نیزیک بە چوار مانگی سەرکۆماریی مەسعوود پزشکیان و مانۆڕی تەبلیغیی دەوڵەتەکەی لەسەر بەناو «ویفاقی میللی» ڕایگەیاند «دیاریکردنی کوردێک وەکوو جێگری سەرکۆمار لە ئاستی خۆیدا بە کارێکی باش دادەنێم، بەڵام ئەمە وەکوو کرانەوەیەک بەڕووی ئازادی و گەشەکردن لە ئێراندا نابینم. چوونکە لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ماهییەتی نیزامەکە کە لە حکومەتی وەلایەتی فەقیهدا شکڵی گرتووە، هێژموونیی بەسەر سەرجەم جومگەکانی ڕێژیمەکەدا سەپاندوە و بەکردەوە دەوڵەت و یاسا و ئەوانی دیکە خاوەنی ئۆتوریتەیەکی ئەوتۆ نین کە تەنانەت ئەگەر بشیانهەوێ، بتوانن ئاوڕدانەوە و کرانەوەیەک بکەن.»

بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەری حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لەگەڵ دەرەنجامەکانی هاتنەوەسەرکاری دۆناڵد ترامپ و کاریگەریی لەسەر پێوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و ئەگەرەکانی داهاتوو پێی لەسەر ئەوە داگرتەوە :خەڵکی ئێران بەدەر لەو ئەگەر و نەگەرانە دەبێ بۆخۆیان بە یەکگرتوویی و خۆڕاگری و پشتبەستن بە هێزی خۆیان، خۆیان بەهێز بکەن و لە خەبات نەوەستن و بەهیوای هیچ لایەنێکی دەرەکی نەبن کە ئەوان ڕزگار بکەن».

(هەموو ئەو وتووێژە لە لاپەڕەی ٢دا بخوێنەوە)

## چیدی «دیپلۆماسی» دادی «مەیدان» نادا




سیاسەتی ناوچەیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە پشتبەستن بە هێزە نیابەتییەکانی و پێداگری لەسەر ستراتیژیی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی و جێخستنی واقعی هیلالی شیعی بەتەواوی هەرەسی هێناوە. ستراتیژیی «مەیدان» و ئامانج لە دروستکردنی میلیشیا و هێزە نیابەتییەکان ئەوە بوو ئەو هێزانە لەبری ئێران هێرش بکەنە سەر ئیسرائیل، بەڵام لە ئاکامی تێکشکانی ئەو هێزانە و شکستی ئەو ئەو ستراتیژییە ئەوە کۆماری ئیسلامی خۆی ناچار بووە بۆ پشتیوانی لە هێزە نیابەتییەکانی ڕاستەوخۆ هێرش بکاتە سەر ئیسرائیل و؛ لە هێرشی پێچەوانەی ئیسرائیلیشدا زۆر بنکەی نیزامی و مووشەکیی تێدا بچن.

خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بە هەڵگیرساندنی شەڕ دژی ئیسرائیل هەڵەیەکی ستراتیژیی گەورەی کرد و بە دەستی خۆی خێرایی بە پرۆسەی تێداچوونی کۆماری ئیسلامی دا و خۆی خستە دۆخێکەوە کە پێشتر خومەینی لە ئاکامی پێداگریی لەسەر درێژەپێدان بە شەڕ لەگەڵ عێراق تێیکەوتبوو. خومەینی بە ملدان بۆ بڕیارنامەی ٥٩٨ جامی ژارەکەی فڕ کرد و ئێستاش ئەوە خامنەییە کە یان دەبێ جامی ژاری بەچۆکداهاتن لەهەمبەر ئیرادەی دەسەڵاتە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان بچێژێ؛ یان خۆی بۆ ڕووخان و هەرەسهێنان لە ئاکامی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران ئامادە بکات.

## هەژاری و برسێتی زۆربەی خەڵکی ئێرانی هاڕیوە



ناوەندی توێژینەوەکانی ژووری ئێران لە تازەترین ڕاپۆرتی خۆیدا بە ئاماژە بەوەی بەپێی دوایین ئامارە بەردەستەکان هەتا کۆتایی ساڵی ١٤٠٠ نیزیک بە ٣٢ میلیۆن کەس لە ژێر هێڵی هەژاری (هەژاریی خۆراک)دا بوون، ڕایگەیاندوە بە سەرنجدان بە قەیران و ئاوسانی ئابووری لە سێ ساڵی ڕابردووشدا هەژاری و برسێتی لە وڵاتدا زۆرتر و خێراتر پەرەی سەندوە. لەم ڕاپۆرتەدا هاتوە بە سەرنجدان بەوەی ئاستی ئاوسانی ئابووری لە ماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردووی ئێراندا مامناوەند سەتا ٢٠ بووە، ئاساییە لە ئابوورییەک بە ئاوسانی سەتا ٢٠ باسکردن لە بەرهەمهێنان، وەبەرهێنان، هەڵدانی ئابووری و بردنەسەرێی ئاستی ژیانی خەڵک باسێکی پووچ و لەخۆڕایە. هاوکات ناوەندی توێژینەوەکانی مەجلیس لە خەزەڵوەری ئەمساڵدا ڕایگەیاندوە کە نرخی هەژاری لە ساڵی ١٤٠٢ بۆ سەروو سەتا ٣٠ بەرز بووەتەوە و لەمساڵیشدا ڕەوتی هەڵکشانی خۆی پێواوە. بەو پێیە لانیکەم یەک لە سێی خەڵکی ئێران توانای دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانیان نەبووە و کەوتوونەتە ژێر هێڵی هەژاریی موتڵەقەق. ڕۆژنامەی «میهن» چاپی تاران لە ژمارەی ڕۆژی ٢٧ی خەزەڵوەری خۆیدا لە ڕاپۆرتێکدا لەژێر ناوی «ژیانی قیستی» باسی لەوە کردوە کە زۆر لە بنەماڵەکان لە ئێستادا بۆ کڕینی گۆشت، مریشک و شیرەمەنی کە بەردەوام گران دەبن، داماون و ناچارن جار جارە بە قیست بیانکڕن.

ژنان لە کوردستان پێشەنگی خەبات و بەرخۆدان
ڕەزا دانشجوو
٤

تاکە چارەسەر ڕووخاندنی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامییە
عەبدولڕەحمان گەورکی
٥

"هەگبەی شاخ و شۆڕش" (شەهید باباشێخ حیسامی)
برایم چووکەڵی
٨

تیئۆرییەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان
ئەلبورز ڕووپین‌تەن
٩

ئێمە ناژین هەوڵ دەدەین نەمرین!
شەماڵ تەرغیبی
١٠

